# لەگەڵ یارێکی ون بوودا

**1975**

له خەوما پێش بیست ساڵ
کەژەکەژی بەهار بوو
هەمو گولاڵەی جوان جوان بوو
له ناو مێرگه گیایەك
پاڵ کەوتبووم
( شنه کاکۆڵی ئەبزاوتم )
فریشتەیەکی خڕو پڕ
به تریقەی پێکەنینەوه
دەستی نەرمی یەسەر سینگا دائەخشاندم
وردە وردە مەمکی سپی ئەنا چەنگم
قژی رەش و ئاوریشمیەکەی
وردە وردە لەسەر چاوا ئەتەکاندم
کاتێ ویستم لێوی سپی بمژم
لێی داو فڕی
بۆ بیابانێکی سامناك
ئا لەو کاتەی که لێم تۆرا
ئەگەڕێم و نایدۆزمەوە